هەر یەکێک لە مسوڵمانان سێ منداڵی بمرێت؛ ئاگری بەر ناکەوێت مەگەر جێبەجێکردنی سوێندەکە نەبێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەر یەکێک لە مسوڵمانان سێ منداڵی بمرێت؛ ئاگری بەر ناکەوێت مەگەر جێبەجێکردنی سوێندەکە نەبێت».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هەرمسوڵمانێک سێ منداڵی بمرێت ئەگەر کوڕ بن یان کچ بن یان کوڕ وکچ بن، خوای گەورە لاشەی ئەو کەسە حەرام وقەدەغە دەکات لەسەر دۆزەخ؛ ئەگەر ئارام بگرێت وداوای پاداشت بکات لە خوای گەورە بەهۆی ئەم ناڕەحەتیەوە وڕازی بێت بە قەزا وقەدەری خوای گەورە، مەگەر جێبەجێکردنی سوێندەکە نەبێت: ئەمیش مانای پەڕینەوە لەسەر پردی سیرات دەگەیەنێت چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: {وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا ۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا}[مریم: 71] واتە: {کەس نییە لە ئێوە نەڕوات و تێنەپەڕێت بەسەر دۆزەخدا (ئەو تێپەڕینە) بڕیارێکی بڕاوەیە لە پەروەردگارتەوە}.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8873